# پرۆژەی پەرەپێدانی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018







به شی ژمێریاری نەتەوەیی

ئاب 2022

# پرۆژەی پەرەپێدانی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018

به شی ژمێریاری نەتەوەیی

ئاب 2022

© ئاب 2022

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە پارێزراوە

لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەم ڕاپۆرتە تکایە ئاماژە بکە بە:

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2022 بەشی ژمارەی پێوانەیی بە شی ژمێریاری نەتەوەیی

ڕاپۆرتی ساڵانەی پرۆژەی پەرەپێدانی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:

ئیمێل:Contact@krso.gov.krd

سایتی ئەلیکترۆنی:www.krso.gov.krd

تەلەفۆن: 00964(0)750 896 3143

فەیسبوک:https://www.facebook.com/krso.krd

زنجیرە : **89**

## ناوەڕۆک:

بەشی یەکەم: کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، شێوازەکانی خەمڵاندنی و سەرچاوەی زانیارییەکان (داتاکان): .....1
پێشەکی:..................................................................................................................1
مەبەستی پرۆژە:...........................................................................................................1
تواناسازی: ...............................................................................................................2
مێتودەکانی خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی:..........................................................................4
یەکەم – مێتودی پوختەی بەرهەم (بەهای زیادە) وە شێوازەکەش لەمانەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە: .....4
دووەم: مێتودی داهاتەکان : ..............................................................................................4
سێیەم – مێتودی خەرجکردن:..............................................................................................4
بەشی دووەم: خەمڵاندنی چالاکییە ئابوورییەکان:..........................................................................7
چالاکی کشتوکاڵ و دارستان و ڕاو و ڕاوکردنی ماسی: ...........................................................7
چالاکی نەوتی خاو:......................................................................................................10
چالاکی جۆرەکانی تری کانزاکاری:.......................................................................................13
چالاکی پیشەسازییەکانی دروستکردن: ...................................................................................15
چالاکی کارەبا و ئاو: .....................................................................................................17
چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردن:........................................................................................20
چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن: .............................................................................23
چالاکی بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە: ......................................................................26
چالاکی بانکەکان و دڵنیایی:...............................................................................................28
خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون (چالاکییەکانی بەکرێدان و خانووبەرە):.........................................29
چالاکی گشتی حکومەت: .................................................................................................31
چالاکی خزمەتگوزاریە کەسییەکان:........................................................................................33
بەشی سێیەم: ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان.................................................................................34
ئەنجامەکان ..............................................................................................................34

راسپاردەکان: ........................................................................................................ 37

# بەشی یەکەم

# کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، شێوازەکانی خەمڵاندنی و سەرچاوەی زانیارییەکان (داتاکان)

## بەشی یەکەم: کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، شێوازەکانی خەمڵاندنی و سەرچاوەی زانیارییەکان (داتاکان):

### پێشەکی:

پێشکەوتنی زانست لە رووی ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئابووری و بەکارهێنانی مۆدێلە ئابوورییەکان بووە هۆی پێشخستنی شێوازەکانی پلاندانانی نەتەوەیی بۆ گەشەپێدان و پێویستی زیاتر بە وێنەیەکی تەواوی ئابووری نەتەوەیی بە واتا فراوانەکەی. ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی نیشاندەر و ئامارەکان و هەژماری ئابوورییە کە خزمەت بەم ئامانج و مەبەستانە دەکات و هەمیشە پێشدەکەوێت بە پێشکەوتنی ئەوان. لێرەوە گرنگی هەژماری ئابووری نەتەوەیی دەرکەوت و بریتیە لە هەژمارکردنی جوڵەی کاڵا , هەژمارکردنی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و خشتەی بەکاربەر– بەرهەم, هەڵرژانی نەختی و خەمڵاندنی سامانی نەتەوەیی و دابەشکردنی داهات لەسەر ئاستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. پرەنسیپی گشتگیریی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکان کە لە کاری کۆکردنەوەی ئامار بە گشتی و لە ئامارەکانی هەژماری نەتەوەیی بە تایبەت پشتی پێدەبەسترێت. مەبەست لە گشتگیریی واتا جێکردنەوەیە بۆ سەرجەم یەکەکانی چالاك لەچوارچێوەی سنووری ئابووری وولاتدا. هەربۆیە, ئەم راپۆرتە لە پێناو بەهێزکردنی بنەما و پرەنسیپی گشتگیریی و باشتکردنی شێوازی خەمڵاندنی کۆ بەرهەمی ناوخۆییە لە عێراق, هەروەها هەوڵدانە بۆ ئەژمێرکردنی بەرکەوتەی هەرێمی کوردستان لەم بەرهەمەدا.

### مەبەستی پرۆژە:

بەهۆی هەلومەرجی سییاسی و هەرێمیاتی کە لە ساڵی 1990 ەوە بەسەر عێراقدا تێپەڕیوە, بۆتە هۆی دابڕاندنی عێراق لە سەر ئاستی وولاتانی دەوروبەر, نێودەوڵەتیی و تەنانەت لەسەر ئاستی ناوخۆییشەوە لە ئەنجامی نەبوونی پەیوەندی لە نێوان فەرمانگەکانی ئامار لە هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئامار. لە ساڵی 2003 ەوە، هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەست پێکرا لە رێگەی بەشداریکردن لە کۆکردنەوەی ئامار و ئامادەکردنی راپۆرتەکان. ئەم پرۆژەیەی ئێستا

بەردەوامی دانە بە هەنگاوەکانی هەماهەنگی نێوانیان و مەبەستی سەرەکی لەم پرۆژەیەدا مەشق و ڕاهێنانی کادیرانی بەشی ژمێریاری نەتەوەییە لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەسەر ئامادەکردنی نیشاندەرە گشتییەکانی ئابووری. لەم قۆناغەدا, تێکرای بەرهەمی ناوخۆیی هەرێم لە ڕێگای بەرهەمەوە (بەهای زیادە) دەخەمڵێندرێت, و هیوادارین ئەم هاوکاری و هەماهەنگیە بەردەوام بێت تا دەستەبەرکردنی نیشاندەرەکانی تریش.

ئەم بەشەی ئێستا، شێوازەکانی خەملاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەخاتەڕوو، هەروەها شایانی باسە کە ئەم پرۆژەیە خەملاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی تێدایە بۆ ساڵی 2018[1] تا ببێتە بناغەیەک بۆ ساڵەکانی داهاتوو. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ساڵەش کە تا رادەیەک دووره, بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ساڵە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووپێوی گرنگی تێدایە وەک ڕووپێوی پیشەسازییەکانی دروستکردن لە هەرێمی کوردستاندا هەروەها ئاماری ڕەوشی خێزان و چەندینی دیکەش.

## توانا‌سازی:

پرۆگرامەکە بەردەوامیدانە بە ئەو کۆششە زۆرەی دەخرێتەگەڕ بۆ مەشق و راهێنان کردن بە کارمەندانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان بۆ چۆنیەتی ئەژمێرکردنی نیشاندەرەکانی تایبەت بە هەژماری نەتەوەیی، بەهۆی هەبوونی کەموکورتی لە نێو کارمەندان لە ئەزموونی تیۆری و کرداری لەم بوارەدا, هەروەها گرنگیدانی دەزگای ناوەندی ئامار بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم، ڕێککەوتن کرا لەسەر ئەم پرۆژە گرنگە کە بە خاڵی دەستپێک دادەندرێت بۆ ئامادەکردنی ئاماری تەواو و پوختەی ئابووری کە خزمەت بە پلاندانەران و توێژەران و بڕیاردەران دەکەت لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و هەوڵدان بۆ چارەسەکردن و لابردنی کۆسپەکانی بەردەم ئابووری عێراق. بە دڵنیاییەوە ئەم هەنگاوە ئاستی ووردی و باوەڕپێکراوی داتا و زانیارییەکان بەرز دەکاتەوە کە شیاوبێت بۆ مەبەستی بەراووردکاری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لە بەشی تەکنیکیەکانەوە بەشداریان کردووە:

1. د. زیاد طارق حسین / بەڕێوەبەری ژمێریاری نەتەوەیی
2. بەڕێز محمد خضر یاسین/ بەرپرسی هۆبەی شیکردنەوەی دارایی
3. بەڕێز عمار حسن محمود / بەرپرسی هۆبەی داهاتی نەتەوەیی
4. بەڕێز انس خلیل محمد / بەرپرسی هۆبەی هاوسەنگییەکانی کاڵا

[1] ساڵی 2018 لە جیاتی ساڵی 2019 بەکار هێنراوە بەهۆی بەردەست بوونی داتای زیادترلە ساڵی 2018 بەبەراوورد بە ساڵی 2019

5. بەڕێز حیدر خالد رشید/ هۆبەی داهاتی نەتەوەیی
6. بەڕێز عمار مجید/ هۆبەی داهاتی نەتەوەیی
7. بەڕێز غزوان حکمت مهدی / هۆبەی پێکهێنانی سەرمایە
8. خاتوو ندی حسن کریم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کشتوکاڵی
9. بەڕێز علي ضیاء جابر/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری بازرگانی
10. خاتوو نغم محمد عبد الامیر / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کۆمەڵایەتی
11. خاتوو امیمة حمید احمد / بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەو گەیاندن
12. خاتوو سجی قاسم کاظم / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی
13. خاتوو امل ترکي مغیر / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری خانووسازی و دروستکردن

**ناوی ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە لە دەستەی ئاماری هەرێم لەم پڕۆژەیە بەشدارن لە خوارەوە هاتووە:**

1. خاتوو شەهلا هانی عەلی / بەرپرسی بەشی ژمێریاری نەتەوەیی و ژمارە پێوانەییەکان
2. خاتوو لەنجە ئەبوبەکر عەلی / بەشی پەروە ردەو کۆمەڵناسی
3. خاتوو ڕێژین مامەند حەمەد / بەشی شیکردنەوەی زانیارییەکان (داتاکان)
4. خاتوو زەینەبە عەلی حەمەد مستەفا / بەشی کشتوکاڵ و ژینگە
5. خاتوو هێرۆ عەبدولواحد مەجید / بەشی بیناسازی و ئاوەدانکردن
6. خاتوو هێرۆ زرار حسین / بەشی پیشەسازی
7. خاتوو هێرۆ محەممەدئەمین خالد / بەشی گواستنەوە
8. بەڕێز هێمن عەباس عەزیز / بەشی شیکردنەوەی زانیارییەکان (داتاکان)/ ئاماری هەولێر
9. بەڕێز محسن محەممەد سالح / بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنان/ دیوانی چاودێری دارایی

## مێتودەکانی خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی:

کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەخەملێندرێت بە سێ شێوازی سەرەکی:

### یەکەم – مێتودی پوختەی بەرهەم (بەهای زیادە) وە شێوازەکەش لەمانەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە:

یەکەم: ئەژمێر کردنی بەرهەمی چالاکیی بە نرخی بنچینە کە داهات و پێداویستییەکان دەگرێتەوە.

دووەم: بەرهەمی ناوخۆ= بەرهەم – پێویستییەکان.

### دووەم: مێتودی داهاتەکان :

ئەم مێتۆدە لەسەر ئەم گریمانەیە کە سەرجەمی کۆ بەرهەمی ناوخۆیی وەك بەخشش دابەش بکرێت بەسەر فەکتێرەکانی بەرهەم هێنان (production) و دارزان (depreciation) لە دەرەنجامی بەشداریان لە کرداری بەرهەمهێنان، ئەم بەخشش و قەرەبووانە بریتین لە:

یەکەم: قەرەبووکردنەوەی کارمەندان (کرێکاران) (وەک کرێ و مووچە و پاداش و هەر شتێکی دیکە لەم چوارچێوەیەدا)

دووەم: بەهای زیادە (پوختەی قازانج ، پوختەی سوو، پوختەی بەکرێدانی زەوی وزار).

### سێیەم – مێتودی خەرجکردن:

ئەم بابەتە لە دوو لایەن پێکدێت، لایەنێکیان پێی دەووترێت سەرچاوەکان کە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت:

1. قەرەبووکردنەوەی کارمەندان: سەرچاوەی زانیاریەکانی ئەم نیشاندەرە ئەو ئەژمێرانەن کە تایبەتن بە ئەژمێرکردنی کۆی بەرهەمی ناخۆیی بە شێوازی داهاتە دابەشکراوەکان کە سەرجەم کرێ و مووچەی نەختینەیی و پاداشتی نانەختینەیی دەگرێتەوە کە دەدرێت بە کارمەندان لەسەرجەم چالاکییە ئابووریەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و ...تاد. هەروەها لە سەرجەم کەرتەکاندا (گشتی و میری و تایبەت).
2. زیادەی کردارەکان (جیاوازی نێوان قازانج و تێچوو): ئەم نیشاندەرە لە دەرەنجامی دەرکردنی هەردوو لایەنی قەرەبووەکانی کارمەندان و بەهای دارزانی سەرمایەی جێگیر لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەبێت یاخود بە واتایەکی تر کۆی بەرهەمی ناوخۆیی = قەرەبووەکانی کارمەندان + زیادەی کردارەکان + بەهای دارزانی سەرمایەی جێگیر.
3. بەهای دارزانی سەرمایەی جێگیر: ئەم نیشاندەرە هەژمار کراوە بە پشت بەستن بە رێژەی دارزانی بەکارهاتوولە سیستمی ئەژماری یەکخراو بۆ هەبووە جێگیرەکان وەک باڵەخانە و ئامێرو کەلوپەل و ئامرازەکانی گواستنەوە...تاد.)

4. باجە ناڕاستەوخۆکان: سەرچاوەی ئەم بڕگەیە بریتیە لە ئەژماری بودجەی هەنووکەیی دەوڵەت کە لە چوارچێوەی داهاتەکانی دەوڵەت دەردەکەون لە کرێ و باجی ناڕاستەوخۆ وەک کرێی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و هاوردەکردن.
5. یارمەتییەکان: ئەم نیشاندەرە پێکدێت لەو یارمەتیانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێن بە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی بۆ دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بە نرخێکی سنووردار, هەروەها ئەو یارمەتیانەی کە لەسەر نەوتی خاو هەژمارکراون و ئامادەکراون بۆ پاڵاوتگەکان و پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کاتێکدا جیاوازیەکەی هەژمارکراوە لەنێوان نرخی نەوتی خاوی هەناردەکراو و نرخی نەوتی خاوی پاڵپشتیکراوو ئامادەکراو بۆ پاڵاوتگەکان وەک یارمەتیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ چالاکی پاڵاوتگەکان و چالاکی بەرهەمهێنانی کارەبا.

کۆی هەر چوار بڕگەکانی سەرەوە بە لێدەرکردنی بڕگەی یارمەتییەکان یەکسان دەبن بە کۆی بەرهەمی ناوخۆ بە نرخی بازاڕ.

بەڵام ڕووی دووەمی ئەم هەژمارکردنە پەیوەستە بە بەکاهێنانەکان وە مەبەست لێی چۆنیەتی رەفتار کردنە لەگەڵ کۆی بەرهەمی ناوخۆ کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1. خەرجییەکانی حکومەت: کە یەکسانە بە خەرجییەکانی حکومەت لە چوارچێوەی بودجەی ئاسایی دەوڵەت بۆ کاڵا و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێن سەرباری قەرەبووکردنەوەی کارمەندان. سەرچاوەی ئەم زانیاریانە بودجەی ئێستای دەوڵەتە کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتی دارایی دەردەچێت.
2. خەرجییەکانی تایبەت کە خەرجییەکانی خێزان دەگرێتەوە کە بۆ کاڵاکانی بەکاربراو و خزمەتگوزاریەکان. سەرچاوەی ئەم داتا و زانیاریانە رووپێویەکانی پەیوەست بە خێزانە کە لە لایەن دەزگای ناوەندی ئامار بە شێوەیەکی وەرزی ئەنجام دەدرێت.
3. گشت سەرمایەی جێگیر پێك دێت لە خەرجییەکانی تایبەت بە چالاکیە ئابووریەکان لە سەر هەبووە جێگیرەکان وەک باڵاخانە و خانووەکانی نیشتەجێبوون و نانیشتەجێبوون و ئامێرو ئۆتۆمۆبێل و ئامرازەکانی گواستنەوە و ئاژەڵی بەرهەمدار و ڕووەک بە گوێرەی هەردوو کەرت (گشتی و تایبەت). سەرچاوەی ئەم داتا و زانیاریانە بودجەی ئێستا و وەبەرهێنانی دەوڵەت و ئامارەکانی تایبەت بە چالاکییە ئابووریەکانی وەک ئامارەکانی باڵەخانە و دامەزراوەکانە لە کەرتی تایبەت و گشتی هەروەها راپۆرتەکانی داخستنی ئەژمێرەکانی (الحسابات الختامیە) فەرمانگەکانی کەرتی گشتی...تاد.
4. گۆڕانکاری لە کۆگاکراو: ئەم نیشاندەرە وەک ئەوانیتر دەردەهێندرێت.
5. هەناردەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان: بەهای کاڵای هەناردەکراوە وەک نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان و کاڵای دیکەی هەناردەکراو سەرەڕای خزمەتگوزاریەکانی دیکە وەک گواستنەوە و دڵنیایی و

بارکردن...تـاد. سـەرچاوەی ئەم زانیاریـانە بـریتین لە بەڕێـوەبەرایەتی ئامارەکـانی بازرگـانی و بودجـەی خەرجکراو (میزان المدفوعات) کە بانکی ناوەندی عێراق بە شێوەیەکی ساڵانە دەریدەکات.

6. هاوردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان: بریتین لە کاڵا هاوردەکراوەکانی وەک (کاڵا بۆ بەکاربردن و کاڵا بۆ بەرهەمهێنـان و کـاڵای سـەرمایەیی) هەروەهـا هـاوردەکردنی خزمەتگوزاریەکـانی وەک گواسـتنەوە و بارکردن و دڵنیایی. سەرچاوەی ئەم زانیاریانە بریتین لە بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بازرگـانی و بودجـەی خەرجکراو (میزان المدفوعات) کە بانکی ناوەندی عێراق بە شێوەیەکی ساڵانە دەریدەکات.

سەرجەم پێنج خاڵەکەی یەکەم بە لێدەرکردنی خاڵی (6) یەکسانە بە خەرجییەکان لەسـەر کـۆی بەرهەمـی نـاوخۆ بە نرخی بازاڕ.

سـەبارەت بە سـەرچاوەی داتـا و زانیاریەکـانی بـەکارهاتوو لە ئەژمێرکردنـی نیشـاندەرە ئابووریەکـان لە دەزگـای ناوەندی ئامار بەسەر دوو بەش دابەش دەکرێت:

سـەرچاوە ناوخۆییەکـان: مەبەسـت لێیـان ئەو راپـۆرت و داتـا و زانیاریـانەیە کە لە بەڕێـوەبەرایەتییە تەکنیکەییەکانی دەزگای ناوەندی ئامـار دەردەچـن وەک بەڕێوەبەرایەتیەکـانی ئامـاری پیشەسـازی و کشـتوکاڵی و هـی دیـکە، جـا ئەگەر زانیاریەکـان لە رێـگەی ڕووپێـوە ئاماریەکـان یـاخود لە رێـگەی تۆمـارە کارگێڕیەکـان و ئەو راپۆرتانەی لە لایەنەکانی ترەوە دەردەچن کۆکرابنەوە.

سـەرچاوە دەرەکییەکـان: مەبەسـت لێیـان ئەو راپـۆرت و داتـا و زانیاریـانەیە کە لە دەزگـا و فەرمـانگە گشـتی و تایبەتەکانی دیکەی دەوڵەت دەردەچن وەک زانیاریەکانی پەیوەست بە داهاتە داراییەکان و نەوت و کارەبا و بانک و هی دیکە.

# بەشی دووەم

# خەملاندنی چالاکییە ئابوورییە کان

## بەشی دووەم: خەمڵاندنی چالاکیە ئابوورییەکان:

لەم بەشەدا ڕێگاکانی خەمڵاندن دەخرێنەڕوو هەروەها ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێبەستراوە بۆ هەر چالاکییەک لەگەڵ ئاماژەدان بە داتا و زانیاریەکانی بەردەست لە دەستەی ئاماری هەرێم.

### چالاکی کشتوکاڵ و دارستان و ڕاو و ڕاوکردنی ماسی:

چوارچێوەی گشتی: ئەم چالاکییە ئەمانەی خوارەوە لەخۆی دەگرێت:

1. بەرهەمهێنانی ڕووەک,
2. بەرهەمهێنانی ئاژەڵ,
3. ماسی,
4. دارستان.

سەرچاوەکانی زانیاری: خەمڵاندنی چالاکی کشتوکاڵی پشت دەبەستێت بە چەندین سەرچاوە جا چ سەرچاوەی ناوخۆیی بێت وەک بەڕێوەبەرایەتیەکانی تەکنیکی لەناو دەزگای ناوەندی ئامار یاخود سەرچاوەی دەرەکی بێت وەک کۆمپانیاکان و دامەزراوەی دیکەی پەیوەندار وەک ئەمانەی خوارەوە:

1. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کشتوکاڵی,
2. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی,
3. بەڕێوەبەرایەتی ڕەوشی گوزەران,
4. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دانیشتوان,
5. بەڕێوەبەرایەتی ژمارەی پێوانەیی,
6. دەستەی گشتی گەشەپێدانی سامانی ماسی,
7. کۆمپانیای گشتی ڕەز و دارستان,
8. کۆمپانیای گشتی بەروبومە کشتوکاڵییەکان,
9. کۆمپانیای گشتی (بەینولنەهرێین) بۆ بنەتۆ.

ڕێبازی کار (مێتۆدۆلۆجی):

خەمڵاندن بۆ بەهای زیادە دەکرێت بۆ هەر لقێک لە لقەکانی چالاکی کشتوکاڵی بە تەنها, دواتر ئەو پێکەوە کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی بەهای زیادەی چالاکی کشتوکاڵی دەستکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. بەهای بەرهەمهێنان: بەرهەمی رووەکی: بەرهەمی رووەکی دابەش دەبێت بۆ:

أ- بەروبوومە کێڵگەییەکان: بەهای بەرهەم بە گوێرەی هەر بەروبوومێک = بڕی بەرهەمهێنان x نرخەکانی کێڵگەیی.

ب- سەوزە: بەهای بەرهەم بە گوێرەی هەر بەروبوومێک = بڕی بەرهەمهێنان x نرخەکانی کێڵگەیی.

ج- میوە و جۆرەکانی خورما: بەهای بەرهەم بە گوێرەی هەر بەروبوومێک = بڕی بەرهەمهێنان x نرخەکانی کێڵگەیی.

د- بەرهەمی لاوەکی (ناسەرەکی): وەک کای گەنم و کای جۆ و کای جاودار (رووەکێکە وەک جۆ و هەندێک پێی دەووترێت جۆکێویلکە) و بەهای بەرهەمهێنان = بڕی بەرهەمهێنان x نرخەکانی کێڵگەیی.

ه- گەڵا و لقی دارخورما: ژمارەی دار خورماکان لە قۆناغی بەرهەمهێنان و بەرهەم نەهێناندا وەردەگرین لە راپۆرتی تایبەت بە خورماکان جارانی بەهای گەڵا و لقەکانی یەک دارخورمای دەکەین (بە خەمڵاندن) بەهای گەڵا و لقەکانمان دەست دەکەوێت.

2. بەرهەمی ئاژەڵی: خەمڵاندن بۆ بەرهەمی ئاژەڵی دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- هەژمارکردنی مێگەلی (ڕەوە یان گاڕان) بنچینەی (تۆمارکراو) ئەم ساڵ لەسەر بنەمای مێگەلی بنچینەی ساڵی ڕابردوو دوای ڕەچاوکردنی ڕێژەی لە دایکبوون و کوشتنەوە و مردن و بە قاچاخ بردنیان.

ب- گۆشتی سوور: کۆی سەربڕاوەکان لە خشتەی مێگەلی سەرەکی بەپێی جۆر x تێکڕای کێش بەپێی جۆر (لە ڕووپێوی تێکڕای کێش بۆ ساڵی 2008)، بڕی بەرهەممان بەپێی جۆر دەست دەکەوێت x نرخەکانی کوشتارگە بەپێی جۆر (لە کوشتارگەکانی پارێزگاکان)، بەهای بەرهەمی گۆشتی سوورمان بەپێی جۆر دەست دەکەوێت.

ج- پەلەوەرو هێلکە: بەهای بەرهەمهێنان لە راپۆرتی تایبەت بە پەلەوەر ئەمانە دەگرێتەوە: مریشکی گۆشت + مریشکی بەخێوکردن بۆ (هێلکەی خواردن، هێلکەی دانانەوە + مریشکی فرۆشتن) + پرۆژەکانی هەڵهێنان + پرۆژە میریە فرۆشراوەکان + بەخێوکردنی پەلەوەر لە ماڵەوە (بۆ هێلکە).

د- شیر: بەهای بەرهەمهێنانمان دەست دەکەوێت لە ڕێگەی دەرهێنانی ژمارەی ئاژەڵە شیردەرەکان جارانی بڕی بەرهەمی یەک ئاژەڵی شیردەر بە لێدەرکردنی بڕی شیری پێویست بۆ خواردنی بەچکەکان وە ئەوەی دەمێنێتەوە جارانی نرخی شیر دەکرێت.

ه- هەنگوین: پشت بەستراوە بە تێکڕای گەشەی ئاوێتە بۆ بڕی بەرهەمهێنانی هەنگوین لە رووپێوەکانی نێوان 1999 و 2006 بۆ ژمارەی مێشەکان.

و- پێست: بریتیە لە کۆی ئاژەڵە سەربڕاوەکان بەپێی جۆرەکان جارانی نرخی پێست لە کوشتارگەکان بەپێی هەر جۆرێک.

ز- موو و خوری: بەهای بەرهەمهێنانمان دەست دەکەوێت بەم شێوەیە: مێگەلی بنچینەیی مەڕ و بزن x ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی بڕاونەتەوە بۆ بڕین (خوری بڕین) x تێکڕای بەرهەمی یەک ئاژەڵ x نرخ.

ح- بۆ ئەژمێرکردنی بەرهەمەکانی دیکەی ئاژەڵی پشت دەبەستین بە مێگەلی بنەچە و ژمارەی ئاژەڵە سەربڕاوەکان.

3. ماسی: ماسی ڕووبار و دەریا دەگرێتەوە کە دەفرۆشرێن و بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت: ڕێژەی فرۆشراو لە دەرەوەی بازاڕەکان (عەلوەکان) + ڕێژەی بەکارهێنانی ناوخۆیی (بڕی بەرهەممان)x نرخی یەک کگم بەپێی جۆر(بەهای بەرهەمهێنانمان ).

4. دارستان: بەهای بەرهەمهێنانمان دەست دەکەوێت لە فرۆشتنی دار + ڕەژوو + نەمامەکان و جارانی بەهای بەرهەمهێنانی تاکەکەسی دەکەین لەساڵێکدا x ژمارەی دانیشتوانی هەرێم، بەهای بەرهەمهێنانمان دەستدەکەوێت.

ب – بەهای پیداویستییەکان: ئەژمێر دەکرێت لەسەر بنەمای بوارەکانی چالاکی کشتوکاڵی بۆ هەر یەکێک لە کاڵا و خزمەتگوزاریەکان.

هەڵسەنگاندنی چالاکی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان:

لەناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشێک هەیە بە ناوی ئامارەکانی کشتوکاڵی, بەڵام ئەم بەشە سەرجەم لقەکانی کشتوکاڵی تێدا نیە یاخود ئەو ووردەکاریانەی لەرووی زانیاریەوە پێویستن بەردەست نییە. تێکڕای بەرهەمی هەرێمی بۆ ئەم چالاکییە خەمڵێندراوە بە سوود وەرگرتن لە بەرکەوتەی هەر تاكێك لە بەرهەمهێنان بەهۆی نەبوونی زانیاری پەیوەست بە سەرجەم لقەکانی

کشتوکاڵی سەرەڕای ئەوەش ئەم لقانە جیاوازیان هەیە لەرووی گرنگی ڕێژەییەوە لە بەروبوومێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

تێکڕای بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ساڵی 2018 (1054596.5) ملیۆن دینارە و (13.9%) ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدێنێت، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەهای زیادەی ئەم چالاکییە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕێژەی بەشداری قەرەبووکردنەوەی کرێکاران لەم چالاکییەدا دەکاتە (34.5%) ، لە کاتێکدا ڕێژەی زیادەی کردەکان لەسەر بەهای زیادە دەکاتە (65.5%) و ئەم زیادەیەش ئاماژەیە کە ئەم چالاکییە قازانجی کردووە بە نزیکەی (690) ملیار دینار وەک لە خشتەی ژمارە (1) دەردەکەوێت.

خشتەی (1): تێکڕای بەرهەمی هەرێم و تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی کشتوکاڵ لە ساڵی 2018
(بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 8962778.2 | 2445109.6 | 6517668.6 | 2249434.7 | 4268233.9 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 1450229.6 | 395633.1 | 1054596.5 | 363971.5 | 690625.0 |
| کۆی گشتی | 10,413,007.8 | 2840742.7 | 7572265.1 | 2613406.2 | 4958858.9 |

بەهای بەرهەمهێنان لە چالاکی کشتوکاڵیدا لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (1.4) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکە گەیشتۆتە (395.6) ملیار دینار بەم شێوەیەش بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (1.05) تریلیۆن دینار.

## چالاکی نەوتی خاو:

چوارچێوەی گشتی: مەبەست لەم چالاکییە دەرهێنانی نەوتی خاو و ئەو گازەیە لە گەڵی دەردەچێت بەڵام پیشەسازی بەرهەمەکانی نەوتی لە خۆ ناگرێتکە لە پیشەسازییە گەورەکانی دروستکردن و بەرهەمهێناندا هەژماردەکرێت.

**سەرچاوەی زانیاریەکان:**

- وەزارەتی نەوت,
- راپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکان (الحسابات الختامیە) ی تایبەت بە کۆمپانیاکانی بواری دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو و گازی سروشتی.

**ڕێبازی کارکردن:**

- بەرهەمهێنان = بڕی نەوتی بەرهەمهێندراو x نرخی بەرمیل نەوتی هەناردەکراو x نرخی فەرمی گۆڕینەوە
- پێداویستییەکان = ڕێژەیەک لە بڕی بەرهەمهێنان (ڕێژەکە لە بەهای بەرهەمهێنان وەرناگیرێت چونکە بەها کاریگەرە بە نرخی بەرمیل)
- قەرەبووکردنەوە
- یارمەتیە ناڕاستەوخۆکان = {(بڕی نەوتی خاوی ئامادەکراو بۆ پاڵاوتگەکان + بڕی نەوتی خاوی ئامادەکراو بۆ کەرتی کارەبا) x نرخی بەرمیلی هەناردەکراو} – (بەهای نەوتی خاوی ئامادەکراو بۆ پاڵاوتگەکان بە دینار + بەهای نەوتی ئامادەکراو بۆ کەرتی کارەبا بە دینار)

## خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان:

سەرچاوەی زانیاریە سەرەکییەکانی ئەم چالاکییە بریتین لە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی خاو لە وەزارەتی نەوت. بەهۆی بەردەست نەبوونی زانیاریەکانی تایبەت بە نەوت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، پشت بەسترا بە زانیارییەکانی بەردەست لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری نەتەوەیی کە لە وەزارەتی نەوت لە بەغدا وەرگیراوە و بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- بڕی نەوتی خاوی بەرهەمهێندراوی عێراق بۆ ساڵی 2018 (1474.5) ملیۆن بەرمیل بووە.
- ڕێژەی نەوتی خاوی هەناردەکراو لە هەرێمی کوردستان (8.97%)ی کۆی نەوتی خاوی هەناردەکراو لەسەر ئاستی هەموو عێراق پێک دێنێت.
- وادانرا کە ڕێژەی بەرهەمهێنان بە هەمان ڕێژەی هەناردەکراو هەژمار بکرێت کە لە خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و لە سەر ئەم بنەمایە بەرهەمی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان بە بڕی (144.5) ملیۆن بەرمیل خەملێندرا.

- به پشت بەستن بە زانیاریەکانی تایبەت بە نەوتی خاوی هەناردەکراو لە هەرێمی کوردستان، نرخی هەناردەکردن بۆ ساڵی 2018 بە (65.58) دۆلار خەملێندراوە بۆ یەک بەرمیل. بۆ دەرهێنانی بەهای بەرهەم، بڕی بەرهەمی خەملێندراو بە نرخی بەرمیل و نرخی گۆڕینەوە بەکارهاتووە.
- ڕێژەی ناوەندی بەکاربردنی پێویست لە بەرهەمی نەوتی خاو بۆ پارێزگاکانی ناوەند ئەژمێرکراوە و هەمان ئەم ڕێژەیە لەسەر هەرێمیش جێبەجێ کراوە.
- شایانی باسە کە شێوازی سەرەوە کاریگەری لە سەرنیشاندەران لە سەر ئاستی عێراق نەبووە چونکە پەیوەندی بە بڕی تێکڕای بەرهەمهێنان هەبووە.
- لە سەر بنەمای ئەو خاڵانەی سەرەوە, بەهای زیادە بۆ چالاکی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 بە (10640225) ملیۆن دیناری عێراقی خەملێندراوە و (8.85%) ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدێنێت ، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەهای زیادە بۆ ئەم چالاکییە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕێژەی بەشداری قەرەبووکردنەوەی کارمەندان (2.3%)ە، لە کاتێکدا ڕێژەی زیادەی کردەکان (فائض العمليات) لە سەر بەهای زیادە (97.7%)ە، ئەم زیادەیە ئاماژە بەوەیە کە ئەم چالاکییە نزیکەی (10) تریلیۆن دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت:

خشتەی (2): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ لە چالاکی نەوتی خاو بۆ ساڵی 2018

(بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 113752831.7 | 4218734.9 | 109534096.8 | 2613267.9 | 106920828.9 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 11203941.3 | 563716.0 | 10640225.3 | 249630.5 | 10390594.8 |
| کۆی گشتی | 124956773.0 | 4782450.9 | 120174322.1 | 2862898.4 | 117311423.7 |

بەهای بەرهەمهێنان بۆ چالاکی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (11.2) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانی چالاکییەکە گەیشتۆتە (563.7) ملیار دینار وە بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (10.6) تریلیۆن دینار.

## چالاکی جۆرەکانی تری کانزاکاری:

چوارچێوەی گشتی:

- کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی کە لەم بوارەدا کار دەکەن.
- کانەکانی (مقلع) کەرتی تایبەت.

سەرچاوەکانی زانیاری:

- تەرخانکراوەکان بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە خەمڵاندنە بەراییەکان,
- ئەژمێرەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی کە لەم بوارەدا کار دەکەن بەپێی خەمڵاندنە راستەقینەکانیان,
- رووپێوەکانی پەیوەست بە کانگا وکانزا لە کەرتی تایبەت / بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی پیشەسازی (رووپێوی 2014، دوایین رووپێوی بەردەستە),
- راپۆرتی تایبەت بە کاڵا / بەرهەم لە دامەزراوە پیشەسازیەکاندا/ بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی پیشەسازی,
- راپۆرتەکانی پەیوەست بە باڵەخانە و دامەزراوەکان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت/ بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بیناسازی.

ڕێبازی کارکردن:

- شیکردنەوەی تەرخانکراوەکان (یان بودجەکان لە حاڵەتی راستەقینەدا) بۆ کۆمپانیاکان بۆ جۆرەکانی تری دەرهێنانی کانزا (سێ کۆمپانیا).
- ئەوەی پەیوەستە بە کەرتی تایبەت، لە کاتی ئێستادا کار بە ڕووپێوەکەی ساڵی 2014 دەکرێت تایبەت بە چالاکی کانزاکان و کانەکان کە بڕەکانی بەرهەمهێنانی تێدایە لە (لم و چەو و قێر و تاد.) وە بۆ ساڵەکانی ئایندە, گۆڕانکاری بەسەر بڕەکانی بەرهەمهێناندا دێت بە پێی ژمارەی پێوانەیی بڕی بەرهەمهێنانی پیشەسازی (بڕگەی پیشەسازییە نا مێتالییەکان) و هەڵسەنگاندنەکەش ئەنجام دەدرێت بە خەمڵاندنی نرخەکانی هەر بابەتێک (ماددەیەک) لە

رێگەی بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی یاخود پرسیار کردن لە ئەوانەی خاوەن ئەزموونن. خەملاندن بۆ ڕێژەی پێداویستییەکان و قەرەبووکردنەوەکان دەکرێت لە ڕووپێوی ناوبراودا.

- رێگایەکی دیکەش هەیە بۆ خەمڵاندن و (ووردبینی کردنی) ئەنجامەکان بە بەکارهێنانی بڕ و بەهای کەرەستە کانزاییە بەکارهاتووەکان لە پیشەسازی دروستکردن و بەرهەمهێنان و پڕۆژەکانی بیناسازی (داتای بەکارهێنەر لە پیشەسازی دروستکردن) لە راپۆرتی (کاڵا – بەرهەم) وەگیراوە کە بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی پیشەسازی ئامادەی دەکات هەروەها لە راپۆرتەکانی دروستکردن و بیناسازی کە بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بیناسازی ئامادەی دەکات).

خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ چالاکی جۆرەکانی تری کانزا لە هەرێمی کوردستاندا:

سەبارەت بە زانیاریەکانی پەیوەست بە کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی کە لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن ، هیچ کۆمپانیایەکی کەرتی گشتی لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستاندا کار ناکەت.

سەبارەت بە کانگاکانی کەرتی تایبەت، دەستەی ئاماری هەرێم بەشداره لەو ڕووپێوانەی دەزگای ئامار ئەنجامیان دەدات هەروەها زانیاریەکانیشیان بەردەستن، بەڵام بەهۆی کێشەکانی سیاسی و ئاسایشی کە هاوکات بوون لەگەڵ ئەنجامدانی رووپێویەکەی ساڵی 2014، رێژەی بەشداری هەرێم دەرهێندرا بە پشتبەستن بە رووپێوی 2009 کە رێژەی (30.3% و 18.9% و 21.7%) بوو بۆ هەر یەکێک لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ناوەند (الاستهلاك الوسيط) و قەرەبووی کارمەندان یەك لە دوای یەکدا. دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بدەین کە خەمڵاندن بۆ ساڵەکانی دوای ساڵی 2014 بە شێوەیەکی گشتی پشتی نەبەستووە بە ڕووپێو بەڵکو ووردبینی و بەراوورد کراوە بە سەرچاوەکانی دیکەی زانیاری. لە سەر ئەم بنەمایە، کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ چاڵاکی جۆرەکانی تری کانزاکان لە کەرتی تایبەت لە ساڵی 2018 دەگاتە (149386.1) ملیۆن دینار کە (36.9%) ی تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی ئەم چالاکییە پێکدێنێت، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەهای زیادەی ئەم چالاکییە، تێبینی دەکەین کە رێژەی بەشداری قەرەبووی کارمەندان و کرێکاران (10%)ە، لە کاتێکدا رێژەی زیادەی کردەکان لەبەرامبەر بەهای زیادە دەگاتە (90%) وە ئەم زیادەیەش ئاماژەیەکە کە ئەم بوارە بە بڕی نزیکەی (134) ملیار دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی (3) دەردەکەوێت.

خشتەی (3): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی جۆرەکانی تری کانزاکان لە ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 455966.6 | 201505.9 | 254460.7 | 54040.6 | 200420.1 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 196346.2 | 46960.1 | 149386.1 | 14976.8 | 134409.3 |
| کۆی گشتی | 652312.8 | 248466.0 | 403846.8 | 69017.4 | 334829.4 |

بەهای بەرهەمهێنان بۆ چالاکی جۆرەکانی تری کانزاکان بۆ هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (196.3) ملیار دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانی ئەم چالاکییە گەیشتۆتە (46.9) ملیار دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (149.3) ملیار دینار.

## چالاکی پیشەسازییەکانی دروستکردن:

چوارچێوەی گشتی:

- دامەزراوە پیشەسازیە گەورەکان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.
- دامەزراوە پیشەسازیە مامناوەندیەکان لە کەرتی تایبەت.
- دامەزراوە پیشەسازیە بچووکەکان لە کەرتی تایبەت.
- پرۆژە پیشەسازییەکانی ماڵەوە.
- خزمەتگوزاریەکانی چاکردنەوە.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- راپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی بۆ پیشەسازیی گەورە و مامناوەند و بچووک.
- رووپێوی پیشەسازییەکانی ماڵەوە.
- رووپێوی خزمەتگوزاریەکانی چاکردنەوە.
- ئەژمێرەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.

ڕێبازی کارکردن:

- پیشەسازی گەورەی ساڵانە (بەرهەمهێنان و پێداویستیەکان و قەرەبووی کرێکاران و کارمەندان) بەپێی لقەکانی پیشەسازی و ووردبینی دەکرێت بە بەراوردکردنی ژمارەی دامەزراوەکان و کارمەندانیان.
- پیشەسازی مامناوەند بە هەمان شێوازی پێشوو.
- پیشەسازی بچووک بە هەمان شێوازی پێشوو.
- پیشەسازیماڵەوە، لەبەر نەبوونی رووپێویکی تازە، سوود لە داتا و زانیاریەکانی رووپێوی ساڵی 2012 وەردەگیرێت دوای چارەسەرکردن و ئامادەکردنیان بەپێی نیشاندەری هاوتا و گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان.
- خزمەتگوزاریەکانی چاکردنەوە، لەبەر نەبوونی رووپێوێکی تازە، سوود لە داتا و زانیاریەکانی رووپێوی ساڵی 2012 وەردەگیرێت دوای چارەسەرکردن و ئامادەکردنیان بەپێی نیشاندەری هاوتا و گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان.

خەمڵاندنی چالاکی پیشەسازی دروستکردن لە هەرێمی کوردستاندا:

هاوکاری و هەماهەنگیەکی باش هەیە لەنێوان دەزگای ناوەندی ئامارو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە بواری گۆرینەوە و هاوبەشیکردن لە راپۆرتەکانی پەیوەست بە پیشەسازی دروستکردن، هەروەک هەرێم بەشداریکردووە لە هەردوو رووپێوی تایبەت بە پیشەسازی ماڵەوە و خزمەتگوزاریەکانی چاکردنەوە، لەبەرئەوە پەشت بەستراوە بە راپۆرت و رووپێوییەکانی کە لە بەردەستن لە دەستەی ئامار. شایانی باسە، کۆمپانیا هەن لە کەرتی گشتی لەم بوارەدا کاردەکەن بەڵام لە کاتی ئێستادا وەستاون. بەهای بەرهەمی هەرێمی لە چالاکی پیشەسازی دروستکردن لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ساڵی 2018, (1656742) ملیۆن دینار بوو کە ( 30.3%)بەهای زیادەی چالاکی پیشەسازی پێکدێنێت لە تەواوی عێراقدا، بەڵام بەهای زیادە بۆ ئەم چالاکییە، تێبینی دەکەین کە (17.5%) رێژەی بەشداری قەرەبووکردنەوەی کارمەندان و کرێکارانە لەم بوارەدا، ئەوە لە کاتێکدایە کە رێژەی زیادەی کردەکان لە بەرامبەر بەهای زیادە (82.5%)ە، ئەم زیادەیە ئاماژەیە کە چالاکییەکە نزیکەی (1.3) تریلیۆن دیناری قازانج کردووە وەک لە خشتەی (4) دەردەکەوێت.

خشتەی (4): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی پیشەسازی دروستکردن بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 8651708.5 | 4844078.9 | 3807629.6 | 1570198.2 | 2237431.4 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 4552335.1 | 2895593.1 | 1656742 | 290288.2 | 1366453.8 |
| کۆی گشتی | 13204043.6 | 7739672.0 | 5464371.6 | 1860486.4 | 3603885.2 |

بەهای بەرهەم بۆ چالاکی پیشەسازی دروستکردن لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (4.5) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانی بوارەکە گەیشتۆتە (2.8) تریلیۆن دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە (1.6) تریلیۆن دینار دەبێت.

## چالاکی کارەبا و ئاو:

چوارچێوەی گشتی:

- کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا.
- فەرمانگەکانی ئاو لە بەغدا و پارێزگاکان.
- کارەبای بەرهەمهێنراو لە کەرتی تایبەت.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی کارەبا.
- راپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو لە بەغدا و پارێزگاکان.
- ئەژمێرەکانی کۆمپانیاکانی ئاو و کارەبا.
- بودجەی دەوڵەت (بۆ زانینی یارمەتیەکانی کە پێشکەش بەم چالاکییە دەکرێن ئەگەر لە راپۆرتەکانی وەزارەتی کارەبا و فەرمانگەکانی ئاو بەردەست نەبێت).
- رووپێوەکانی پەیوەست بە خێزان (بۆ زانینی خەرجی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کەرتی تایبەت).

ڕێبازی کارکردن:

- خەمڵاندن بۆ بەرهەمهێنان و پێداویستیەکان و بەهای زیادە و قەرەبووەکان و زیادەی کردارەکان (جگە لە پارەی تەرخانکراو بۆ هاوکاری) دەکرێت بە پشت بەستن بە راپۆرتی سالانەی وەزارەتی کارەبا کە تا ڕاددەیەک تەواوی زانیاریەکانی تێدایە.
- دەربارەی یارمەتی وەرگیراو، گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی کارەبا دەکرێت یاخود لە بودجەی گشتی دەوڵەت دەست دەکەوێت.
- خەمڵاندن بۆ بڕگەکانی بەهای زیادە دەکرێت لە ڕێگەی زانیاریەکانی فەرمانگە حکومییەکانی ئاو کە یارمەتی حکومەت بۆ ئەم چالاکییە لە خۆناگرێت بۆیە پشت دەبەسترێت بەو یارمەتیانەی لە یاسای بودجەدا هاتووە یاخود کارکردن بە شێوازی حکومەت (بەرهەم = قەرەبووەکان + بەکاربردنی ناوەند (الاستهلاک الوسیط).
- سەرەڕای راپۆرتەکانی پێشوو، بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی پیشەسازی راپۆرتەکانی پەیوەست بە ئامارەکانی کارەبا دەردەکات و ئامارەکانی ئاو جیاوازیان نییە لە راپۆرتەکانی کە لە فەرمانگەکانی ئاو و کارەبا دەردەچن.
- کارەبای بەرهەمهێندراو لە کەرتی تایبەت دەخەملێندرێت بەپشت بەستن بە رووپێویەکانی تایبەت بە خێزانەکان (خەرجکردن لەسەر کارەبای موەلیدەکان)، هەروەها خەمڵاندنی رێژەی پێداویستیەکان و قەرەبووکان دەکرێت لەرێگەی پرسیار کردن لە کرێکاران و کارمەندانی ئەم بوارە.

خەمڵاندنی چالاکی کارەبا و ئاوی هەرێمی کوردستان:

پەیوەست بە خەمڵاندنەکانی ئەم چالاکییە لە کەرتی گشتی، لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لە وەزارەتی کارەبا فەرمانگەکانی ئاویش هەیە، کەچی لە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا نەتواندرا زانیاریەکانی وەزارەتی کارەبا دەستبکەوێت. بەڵام پەیوەست بە خەمڵاندنەکانی ئەم چالاکییە لە کەرتی تایبەت کە پشت بە خەرجییەکانی کارەبای بەرهەمهێندراو لە کەرتی تایبەت دەبەستێت. ئەو سەرچاوەیەی کە ئێستا پشتی پێبەستووە رووپێویەکانی تایبەت بە خێزانە بەهۆی نەبوونی رووپێوی تایبەت بە موەلیدەکانی کارەبا، هەروەها دەستەی ئاماری هەرێم بەشداری کردووە لە سەرجەم رووپێویەکانی کە دەزگای ئامار جێبەجێی کردوون لە ساڵی 2003 ەوە، لەسەر ئەم بنەمایە، خەمڵاندنەکانی ئەم چالاکییە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- له خەملاندنەکانی کەرتی گشتیدا، بەرکەوتەی تاکە کەس لە بەرهەم بەکارهاتووە بۆ ئەم چالاکییە و بەهای زیادەی هەرێم لە کەرتی گشتیدا بۆ ساڵی 2018, (797709.7) ملیۆن دینار دەبێت.
- له خەملاندنەکانی کەرتی تایبەتدا، خەرجی ناوەندی (متوسط) تاک لەسەر کارەبا بەکارهاتووە لە رووپێویەکانی تایبەت بە خێزان، وە بەم رێگەیەوە تێکڕای بەرهەم دەخەملێندرێت، بەم شێوەیە بەهای زیادە (القیمە المضافە) بۆ هەرێم لە کەرتی تایبەتدا لە ساڵی 2018 دا (197899.1) ملیۆن دینارە.
- تێکڕای بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی کارەبا و ئاو بۆ ساڵی 2018 بڕی (995608.8) ملیۆن دینارە کە (%13.9)ی پێکدێنێت، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەکانی بەهای زیادە بۆ ئەم چالاکییە، تێبینیمان کردووە کە رێژەی بەشداری قەرەبووەکان بۆ کارمەندان و کرێکاران (%23.7)ە، لە کاتێکدا رێژەی زیادەی کردەکان (فائض العملیات) لەبەرامبەر بەهای زیادە گەیشتۆتە (%76.3) وە ئەم زیادەیە ئەوە دەگەیەنێت کە چالاکییەکە بە بڕی نزیکەی (759) ملیار دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی (5) دەردەکەوێت.

خشتەی (5): تێکڕای بەرهەمی هەرێمیی و تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی کارەباو ئاو بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان (پرۆسەکان) |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 9597431.5 | 3442861.2 | 6154570.3 | 1456030.3 | 4698540.0 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 1,552,920.3 | 557,311.5 | 995,608.8 | 235,663.5 | 759,945.3 |
| کۆی گشتی | 11150351.8 | 4000172.7 | 7150179.1 | 1691693.8 | 5458485.3 |

بەهای بەرهەم بۆ چالاکی کارەبا و ئاو لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (1.5) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانی گەیشتۆتە (557.3) ملیار دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (995.6) ملیار دینار.

## چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردن:

چوارچێوەی گشتی:

- کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردن و بەڵێندەرایەتی لە کەرتەکانی گشتی و تایبەت,
- باڵەخانە تەواوکراوەکان لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان,
- نۆژەن کردنەوە لە شارو بیناسازی لە لادێ,
- چاکردنەوە و پاراستنی بینا بۆ باڵەخانەکانی میری و کەرتی گشتی.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- تەرخانکراوەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە خەمڵاندنە بەراییەکان,
- ئەژمێرەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە خەمڵاندنە راستەقینەکان,
- راپۆرتەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردن لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی / بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی ئاوەدانکردن,
- رووپێویەکانی تایبەت بە خێزان (خەرجیبەکانی خێزان لەسەر بیناسازی نۆژەنکردنەوە),
- تەرخانکراوەکان و بودجە و ئەژمێرەکانی کۆتایی دەوڵەت و کەرتی گشتی (بڕگەی خەرجکردن لەسەر پاراستنی بیناکان).

**ڕێبازی کارکردن:**

- بەرهەم (کەرتی گشتی) دەخەمڵێندرێت بە سوود وەرگرتن لە زانیاریەکانی تایبەت بە کۆی گشتی سەرمایەی جێگیر وەک (بینای نیشتەجێبوون + بینای نا نیشتەجێبوون + بیناکانی تر).
- بەرهەم (کەرتی تایبەت) دەخەمڵێندرێت بە سوود وەرگرتن لە زانیاریەکانی تایبەت بە کۆی گشتی سەرمایەی جێگیر وەک (بینای نیشتەجێبوون + بینای نا نیشتەجێبوون + بیناسازی تر) یا خود بە سوود وەرگرتن لە راپۆرتی ئامارەکانی پەیوەست بە بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لە کەرتی تایبەت (لە بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بیناسازی)، لە کاتێکدا راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردن تەنها ئەو بینایانە دەگرێتەوە کە رێگەپێدانی دروستکردنیان هەیە.
- بۆ هەردوو برگەکانی سەرەوە، پێداویستیەکان و قەرەبووەکان دەخەملێندرێت لە رێگەی راوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی بیناسازی و ئاوەدانکردن لە وەزارەت

یاخود بە پشت بەستن بەو ڕێژانەی دەردەهێندرێن لە راپۆرتی بیناسازی و ئاوەدانکردن لە کەرتی گشتی (بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردن).

- ڕێژەی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تایبەت دەخەملێندرێت و زیاد ناکرێتە سەر کەرتی گشتی لە بەرئەوەی پێشتر خراوەتەسەر هۆبەی پێکهێنان.
- بە بەکارهێنانی زانیاریەکانی رووپێویەکانی خێزان (دوایین رووپێوی ساڵی 2017-2018), بەرهەم دەخەملێندرێت بۆ نۆژەنکردنەوە لە شار و بیناسازی لە لادێ .
- چاکردنەوە و پاراستنی بینا حکومییەکان و کەرتی گشتی ئەژمێردەکرێن لەسەر تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی حکومەت و کەرتی گشتی تایبەت بە خەملاندنە بەراییەکان یاخود لە داخستنی ئەژمێرە گشتییەکانی حکومەت و ئەژمێرەکانی کەرتی گشتی.
- کۆکردنەوەی سەرجەم بڕگەکانی سەرەوە بە یەکەوە.
- شیکردنەوەی تەرخانکراوەکان یان بودجەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی کە لەم بوارەدا کار دەکەن.
- ئەنجامەکان لە خاڵی پێشوو لە کۆی گشتی خاڵەکانی پێش خۆی دەردەکرێت بۆ دەرهێنانی بەرهەم لە کەرتی تایبەت (ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی بەڵێندەرایەتییەکانی بیناسازی لە کەرتی حکومەت لە لایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت جێبەجێدەکرێن).

خەملاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان بۆ چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردن

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەڵستاوە بە ئامادەکردن و دەرکردنی راپۆرتی ئامارەکانی پەیوەست بە ڕێگەپێدانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان 2013 – 2018، وە ئەم راپۆرتە ژمارە و تێچووی ڕێگەپێدانی بیناسازی تێدایە لە کەرتی ناڕێکخراودا (خێزانەکان و گوزەرانیان) هەروەها ئەو زانیاریانەشی تێدایە کە پەیوەست بە ژمارە و تێچووی پرۆژە تەواوکراو و تەواونەکراوەکانن لە لایەن کۆمپانیاکانەوە. سەرەڕای زانیاری دیکە کە پەیوەندیان هەیە بە تێچووی یەک مەتر چوارگۆشە لە پرۆژەکان. ئەم راپۆرتە بۆمان روون دەکاتەوە کە تێچووی ڕێگەپێدانەکانی بینا بۆ ساڵی 2018 یەکسانە بە (658200) ملیۆن دینار لە کەرتی نارێکخراودا، هەروەها لە کەرتی کۆمپانیاکانی خانووسازیدا بەرهەمەکەی دەگاتە (3703965.2) ملیۆن دینار.

لەسەر بنەمای ئاماژەکانی سەرەوەو، بەهای زیادەی بەدەستهاتوو لە چالاکی خانووسازی و ئاوەدانکردن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 یەکسانە بە (2477709.8) ملیۆن دینار کە

(20.5%) پێکدێنێت له کۆی گشتی بەهای زیادەی بەدەستهاتوو له چالاکی خانووسازی و ئاوەدانکردن له کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی هەموو عێراق، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەهای زیادەی ئەم چالاکییە تێبینی ئەوەمان کردووە کە ڕێژەی بەشداری قەرەبووکردنەوەکانی کرێکاران و کارمەندان له چالاکییەدا (22.8%)ە، له کاتێکدا ڕێژەی زیادەی کردەکان بەرامبەر بەهای زیادە گەیشتۆتە (77.2%). ئەم زیادەیەش ئاماژەیە کە کە ئەم چالاکییە بە نزیکەی (1.9) تریلیۆن دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی (6) دا دەردەکەوێت. شایانی باسە کە دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم سەرچاوەی سەرەکییە بۆ زانیاریەکانی تایبەت بە کۆمپانیاکانی بیناسازی, بەڵام سەرچاوەی زانیاری بۆ پرۆژەکانی کەرتی گشتی, بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانە لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم. وە تا ئێستا ووردەکاری پەیوەست بە زانیارییەکانی کەرتی گشتی لەبەردەست نین بۆ نیشاندەرەکانی هەرێم تا جیابکرێنەوە.

خشتەی (6): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردن لە ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 16916805.5 | 7283852.0 | 9632953.5 | 2040485.5 | 7592468.0 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 4,362,165.2 | 1,884,455.4 | 2,477,709.8 | 564,917.8 | 1,912,792.0 |
| کۆی گشتی | 21278970.7 | 9168307.4 | 12110663.3 | 2605403.3 | 9505260.0 |

بەهای بەرهەم بۆ چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردن لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (4.3) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانی گەیشتۆتە (1.8) تریلیۆن دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (2.7) تریلیۆن دینار.

## چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن:

چوارچێوەی گشتی:

- کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن لە کەرتی گشتی,
- کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن لە کەرتی تایبەت,
- ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن,
- تاوەرەکانی ئینتەرنێت,
- کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- بودجەی کۆمپانیاکانی کەرت تایبەت,
- راپۆرتی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان لە کەرتی تایبەت / بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن,
- رووپێوی تێچووی کارپێکردنی ئۆتۆمۆبێلەکان لە کەرتی تایبەت / بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوەو گەیاندن,
- رووپێوی تاوەرەکانی ئینتەرنێت / بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن,
- داتاو زانیاریەکان لە کۆمپانیا تایبەتەکانی پەیوەندیەکان/ دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان.

ڕێبازی کارکردن:

- شیکردنەوەی تەرخانکراوەکان یان بودجەی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن لە کەرتی گشتی.
- سوود وەرگرتن لە ڕاپۆرتی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بەپێی جۆریان (لە بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن) ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بەپێی جۆریان وەردەگیرێت و زیاد دەکرێنە سەر ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی ساڵی ڕابردوو.
- لە ڕووپێوی تێچووی کارپێکردنی ئۆتۆمۆبێلەکانی کەرتی تایبەت سوود وەردەگیرێت (ڕێژەی ئۆتۆمۆبێلەکانی کە کار دەکەن و ژمارەی رۆژەکانی کارکردنی راستەقینەیان و داهاتی رۆژانەی یەک ئۆتۆمۆبێل و پێداویستییەکانی یەک ئۆتۆمۆبێل لە سووتەمەنی و چاکردنەوە) بۆ خەملاندنی بەهای زیادەی ئۆتۆمۆبێلەکانی کەرتی تایبەت. شایانی باسە ڕووپێوییەکەی ساڵی

2018 دوایین ڕووپێوی بەردەستە، هاوکات دەزگای ئامار, ڕووپێوی ساڵی 2020 جێبەجێکردووە و ڕاپۆرتەکەش لە قۆناغەکانی کۆتاییە.

- کۆمپانیاکانی گەیاندن (لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن و پەیوەندیەکان و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان) زانیاریەکانیان دەدەن بە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری نیشتمانی کە هەڵدەستێت بە خەملاندنی بەهای زیادەی ئەو کۆمپانیایانە (لەبەر ئەوەی هەندێک لە کۆمپانیاکان زانیاریەکانیانی پەیوەست بە داهات و پێداویستیەکانیان نەناردووە, بۆیە خەملاندنەکە ئەنجامدرا بە بەکارهێنانی گۆڕانکاری کردن لە ژمارەی هێڵەکان).
- کۆی گشتی بەهای زیادە و ووردەکاریەکانی تایبەت بە کافتریا و قاوەخانەکانی ئینتەرنێت و تاوەرەکانی ئینتەرنێت دەخەملێندرێت لەسەر بنەمای ئەو ڕووپێوانەی کە بە شێوەیەکی وەرزی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن جێبەجێدەکرێن.

خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن بۆ هەرێمی کوردستان:

زانیاریەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی کەرتی تایبەت و ژمارەی هێڵەکانی مۆبایل لە بەردەستن و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشدارە لە ڕووپێوەکانی ئینتەرنێت و تێچووی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە لە کاردان لە کەرتی تایبەتدا، بەڵام چوارچێوەی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لەبەردەست نین و ئومێد وایە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم بۆ فەراهەمکردنی ڕاپۆرتەکانی داخستنی ئەژمێرەکانی ئەم کۆمپانیایانە.

کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 لە کەرتی تایبەتدا بە بڕی (5568239.1) ملیۆن دینار خەمڵێندراوە کە (23.2%) ی کۆی گشتی بەهای زیادە پێکدێنێت لە سەرجەم کەرتی تایبەتی عێراق، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەکانی بەهای زیادەی ئەم چالاکییە, تێبینی ئەوەمان کردووە کە ڕێژەی (52.7%) بەشداری قەرەبووەکانی کرێکاران و کارمەندانی ئەم بوارەیە، لە کاتێکدا ڕێژەی زیادەی کردەکان لە سەر بەهای زیادە گەیشتۆتە (47.3%) وە ئەم زیادەیە ئاماژە بەوەیە کە چالاکییەکە بە نزیکەی (2.6) تریلیۆن دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی (7)دا دەردەکەوێت.

خشتەی (7): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی گواستنەوە و گەیاندن لە ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگاکانی ناوەند** | 31613368.9 | 13222856.5 | 18390512.4 | 10752057.9 | 7638454.5 |
| **پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان** | 8623590.4 | 3055351.3 | 5568239.1 | 2932600.6 | 2635638.5 |
| کۆی گشتی | 40,236,959.3 | 16,278,207.8 | 23,958,751.5 | 13,684,658.5 | 10,274,093.0 |

بەهای بەرهەمهێنان بۆ چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (8.6) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکان گەیشتۆتە (3.1) تریلیۆن دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (5.5) تریلیۆن دینار.

## چالاکی بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە:

چوارچێوەی گشتی:

- کۆمپانیاکانی بازرگانی لە کەرتی گشتی,
- یەکە ئابووریەکانی کە کاردەکەن لە بواری بازرگانی تاک و کۆ,
- هوتێل و چێشتخانەکان,
- خزمەتگوزاریە بازرگانییەکان.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- تەرخانکراوەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە خەمڵاندنە سەرەتاییەکان,
- بودجەی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە خەمڵاندنە راستەقینەکان,
- راپۆرتەکانی ئامارەکانی هوتێلەکان / بەرێوەبەرایەتی ئامارەکانی بازرگانی,
- رووپێویەکانی بازرگانی تاک و کۆ هەروەها رووپێوی یەکە گەڕۆکەکان (جوڵاوەکان).

ڕێبازی کارکردن:

- شیکردنەوەی تەرخانکراوەکان یان بودجەی کۆمپانیا بازرگانییەکان لە کەرتی گشتی.
- خەمڵاندنی بەهای زیادەی یەکەکانی فرۆشتن بە تاک و کۆ لەسەر بنەمای زانیاریەکانی ڕووپێوی بازرگانی تاک و کۆ و چاکردنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکان جێبەجێ دەکرێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامارەکانی بازرگانی لە ساڵی 2012-2013 ئەنجام دراوە، لە کاتی ئێستاشدا دەزگای ئامار ئەم ڕووپێوە جێبەجێ دەکات و سەرجەم پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە.
- خەمڵاندنی بەهای زیادە بۆ یەکە گەڕۆکەکان کە هەمیشە لە بواری بازرگانی تاک کار دەکەن لەسەر بنەمای رووپێوی بەرێوەبەرایەتی ئامارەکانی بازرگانی 2015.
- بەکارهێنانی راپۆرتەکانی هوتێلەکان لە بەرێوەبەرایەتی ئامارەکانی بازرگانی بۆ خەمڵاندنی بەهای زیادە و ووردەکاریەکانی ئەم لقەی چالاکییەکە، سەرەڕای بەکارهێنانی ڕووپێوەکانی پەیوەست بە چێشتخانەکان کە بە شێوەیەکی وەرزی ئەنجام دەدرێن.

**خەمڵاندنی کۆ بەرهەمی هەرێمی لە بواری بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و پرۆژەی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان:**

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشداری دەکات لە سەرجەم ڕووپێوەکان کە دەزگای ناوەندی ئامار جێبەجێیان دەکات لەم بوارەدا هەروەها لە خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی پشتی پێ بەستراوە، بەڵام چوارچێوەی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتیمان لەبەردەست نییە کە لەم بوارەدا کاردەکەن. ئومێد وایە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری نەتەوەیی لە دەستەی ئاماری هەرێم ئەم کۆمپانیایانەش بگرێتەخۆی ئەگەر چوارچێوەیەکیان لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بەدەست کەوێت.

ئەوەی پەیوەستە بە کەرتی تایبەت, بەهای زیادەی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ ساڵی 2018 دەکاتە (3840703.1) ملیۆن دینار و (22.2%) بەهای زیادەی کەرتی تایبەت لە سەرتاسەری عێراق پێکدێنێت. سەبارەت بە پێکهاتەکانی بەهای زیادەی ئەم چالاکییە, تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی بەشداری قەرەبووەکانی کارمەندان (15.4%)ە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی زیادەی کردەکان (84.6%)ە لە بەرامبەر بەهای زیادە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم چالاکییە بە بڕی نزیکەی (3.2) تریلیۆن دینار قازانجی کردووە هەروەک لە خشتەی (8) دا دەردەکەوێت.

خشتەی (8): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوەیان بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 18875919.4 | 5215347.6 | 13660571.8 | 2100616.6 | 11559955.2 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 5416294.6 | 1765407 | 3650887.6 | 581279.8 | 3069607.8 |
| کۆی گشتی | 24292214.0 | 6980754.6 | 17311459.4 | 2681896.4 | 14629563.0 |

بەهای بەرهەم بۆ چالاکی بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (5.4) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکان لەم چاڵکییە گەیشتۆتە (1.7) تریلیۆن دینار, بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە دەکاتە (3.6) تریلیۆن دینار.

## چالاکی بانکەکان و دڵنیایی:

چوارچێوەی گشتی:

- بانکەکان لە کەرتی گشتی و تایبەت,
- کۆمپانیاکانی دڵنیایی و دڵنیایی دووبارە لە کەرتی تایبەت و گشتی,
- کۆمپانیا بانکییەکان,
- کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دارایی (حەواڵە).

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- راپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکانی بانکەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و دڵنیایی دووبارە,
- رووپێوییەکانی کۆمپانیا بانکییەکان و گواستنەوەی دارایی کە دەزگای ئامار بە هاوکاری بانکی ناوەندی عێراق جێبەجێیان دەکات.

ڕێبازی کارکردن:

- شیکردنەوەی بودجە (یاخود نووسراوی فەرمی) بانکەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و بیمە کە بە شێوەیەکی وەرزی دەنێردرێن بۆ دەزگای ئامار,
- خەمڵاندنی بەهای زیادەی کۆمپانیا بانکییەکان و گواستنەوەی دارایی لە رووپێوییەکان.

خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی بانکەکان و دڵنیایی بۆ هەرێمی کوردستان:

دەربارەی بانکەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی یاخود کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا زانیارییەکی جیاکراو لە بەردەست نییە. ئەوەی هەیە زانیارییە دەربارەی ئەو بانکانەی لە هەرێمی کوردستان لقیان هەیە، تەنانەت ئەو بانکانەش ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بە لقەکانی هەرێم بەجیا ڕێک ناخەن ، بۆیە خەمڵاندن بۆ کۆی بەرهەمی هەرێمی لەم بوارەدا نەکراوە و ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری نەتەوەیی هەرێم کرا کە ئەو بانکانەی لە هەرێم کاردەکەن هەژمار بکرێن و زانیاریەکانیان پێشکەش بکەن بۆ نوێکردنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بە بەرهەم بە شێوەیەکی وەرزی، بۆ ئەوەی تیمی ژمێریاری نەتەوەیی بتوانن خەمڵاندنەکانی بەرهەم بۆ هەرێمی کوردستان نوێ بکەنەوە.

خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون (چالاکییەکانی بەکرێدان و خانووبەرە):

چوارچێوەی گشتی:

- داهاتی خانوو و بینا بەکرێدراوەکان جا چ لە لایەن یەکە حکومییەکان یاخود خێزانەکان (خەڵک) بەکرێ گیرابن,
- خزمەتگوزاریەکانی کە بە کەرتی بازرگانی پێشکەش دەکرێن و مەبەست لێیان نووسینگەکانی خانووبەرەیە کە گرێبەستەکانی بەکرێدان ئەنجامدەدەن.

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- رووپێوییەکانی خێزان (خەرجکردن لەسەر کرێ و چاکردنەوە و پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوون),
- ڕووپێوی خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش کراو بە کەرتی بازرگانی کە لە گەڵ ڕووپێوی خزمەتگوزاریە کەسییەکان جێبەجێدەکرێن وە رووپێویەکەی ساڵی 2014 دوایین رووپێوی بەردەستە,
- راپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکانی دەوڵەت و کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی (خەرجییەکان لەسەر بەکرێ گرتنی خانووبەرە و باڵەخانەکان).

ڕێبازی کارکردن:

لەبەر نەبوونی رووپێوییەکانی پەیوەست بەم چالاکییە، ئەژمێرکردن بە رێگایەکی ناڕاستەوخۆ کە ڕێگای خەرجییەکانە ئەنجام دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە رووپێویەکانی خێزان، ناوەندی خەرجییەکان بۆ کرێ بەکاردێنین (خەملێندراوو ئەژمێرکراو) بۆ ئەژمێرکردنی بەرهەم. هەروەها خەرجییەکان لەسەر چاکردنەوە و پاراستنی خانوو بەکاردێت بۆ خەملاندنی پێداویستیەکان,

- سوود وەرگرتن لە رووپێوی خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو بە کەرتی بازرگانی,
- سوود وەرگرتن لە خەرجیەکانی کرێ لە راپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکان تا زیاد بکرێتە سەر بەرهەم.

خەملاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی چالاکیەکانی بازرگانی و خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان:

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشداری دەکات لە ڕووپێوەکانی خێزان و ڕووپێوی خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو بە کەرتی بازرگانی ، لەبەر ئەوە زانیاریەکانی پەیوەست بە خەرجییەکانی بەکرێ گرتن و چاکردنەوە و پاراستنی خانوو و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو لە بەردەستدایە. هەروەها زانیاریەکانی تایبەت بە بە کرێدانی بینا بۆ ئەو چالاکییانەی لە هەندێک لە ڕووپێوە ئابوورییەکان دەردەکەون بەردەستە. بەڵام ڕاپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی بەردەست نین. لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەبەردەستە, بەهای زیادەی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی 2018 دەکاتە (2272330.7) ملیۆن دینار و (13.9%) لە کۆی گشتی بەهای زیادەی ئەم بوارە پێکدێنێت لە تەواوی عێراق، بەڵام سەبارەت بە پێکهاتەکانی بەهای زیادەی ئەم چالاکییە تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی بەشداری قەرەبووەکانی کارمەندان لەم چالاکییە (0.02%) تۆمار کراوە، ئەوە لە کاتێکدایە ڕێژەی زیادەی کردەکان (99.9%)ە لە بەرامبەر بەهای زیادە، ئەو زیادەیەش ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم چالاکییە بە بڕی نزیکەی (2.2) تریلیۆن دینار قازانجی کردووە هەروەک لە خشتەی (9) دا دەردەکەوێت.

خشتەی (9): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون (چالاکییەکانی بەکرێدان و خانووبەرە) بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگاکانی ناوەند** | **16229517.1** | **2185951.9** | **14043565.2** | **2810.3** | **14040754.9** |
| **پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان** | **2626030.8** | **353700.1** | **2272330.7** | **454.7** | **2271876.0** |
| کۆی گشتی | 18,855,547.9 | 2539652.0 | 16315895.9 | 3265.0 | 16312630.9 |

بەهای بەرهەم بۆ چالاکی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (2.6) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا بەهای پێداویستییەکانبۆ ئەم چالاکییە گەیشتۆتە (353.7) ملیار دینار، بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە گەیشتۆتە (2.2) تریلیۆن دینار.

## چالاکی گشتی حکومەت:

چوارچێوەی گشتی:

سەرجەم ئەو دامەزراوە حکومیانەی کە لە ناوەندەوە (مەرکەزی) بودجەیان بۆ دابین دەکرێت(بارەگای وەزارەتەکان و فەرمانگە و دامەزراوەکانی دیکە کە بودجەیان لە ناوەندیان دابین دەکرێت).

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی دەوڵەت بۆ خەمڵاندنە بەراییەکان / فەرمانگەی بودجە – وەزارەتی دارایی،
- راپۆرتی داخستنی ئەژمێرەکانی دەولەت بۆ خەمڵاندنە راستەقینەکان/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری – وەزارەتی دارایی.

ڕێبازی کارکردن:

- بەکارهێنانی تەرخانکراوەکانی حکومەت لە خەمڵاندنە سەرەتاییەکان (فەرمانگەی بودجە) و داخستنی ئەژمێرەکان (لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری) بۆ خەمڵاندنە راستەقینەکان. لە ئەگەری گەیشتنی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پێش کاتی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی خەمڵاندنە سەرەتاییەکان ئەوا پشتی پێدەبەسترێت لە خەمڵاندنە سەرەتاییەکان و راستەقینەکان.
- هەندێک دامەزراوە هەن کە ئەژمێرەکانیان لە بودجەی کەرتی گشتیدا دەردەکەون بەڵام چالاکییەکانیان حکومی گشتییە وەک کۆلیژی پەروەردە کە کراوەتەوە هەروەها دەستەی حەج و عەمرە. ئەمە زیاد دەکرێتە سەر چالاکی حکومی گشتی.
- قەرەبووەکانی کارمەندان کۆدەکرێتەوە لەگەڵ بەکاربردنی ناوەند (الاستهلاك الوسيط) بە رەچاوکردنی لابردنی هەندێک لە برگەکان و گۆڕینی پۆلێنیان (گواستنەوەی کارمەندان لادەبرێت لە پێداویستییەکان و کۆدەکرێتەوە لەگەڵ قەرەبووەکان هەروەها هەندێک برگە لە پێداویستییەکان لادەبرێن کە پۆلێنکراون وەک پێکهێنانی سەرمایە یاخود شتی تر) و تێڕوانین لە دۆسیەی حکومەتی گشتی کراوە بۆ زانینی ئەم برگانە بە ووردەکاییەوە.
- خەمڵاندنی تێکڕای بەهای زیادەی کردەکان.
- بەرهەمی حکومەت = بەکاربردنی ناوەندی + قەرەبووەکانی کارمەندان + تێکڕای زیادەی کردەکان.

**خەملاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی گشتی حکومەت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018:**

لەسەر بنەمای زانیاریەکانی بودجەی راستەقینە کە لە وەزارەتی دارایی / بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری هاتووە، دەرکەوتووە کە خەرجییەکانی هەرێمی کوردستان بریتیە لە قەرەبووی فەرمانبەران و چاودێری کۆمەڵایەتی پێناچێت خەرجی لە سەر کاڵا و خزمەتگوزاری بێت. پشت بەستراوە ئەم زانیاریانە پشتڕاست کراینەتەوە، بەڵام لەسەر دەستەی ئاماری هەرێم پێویستە گفتوگۆ بکات لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەرێم بۆ دەستکەوتنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

بەهای زیادەی چالاکی گشتی حکومەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 گەیشتۆتە (1995656) ملیۆن دینار کە (5.1%) ی تێکرای بەهای زیادەی ئەم چالاکییە پێکدێنێت لە سەرتاسەری عێراقدا، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەهای زیادەی ئەم چالاکییە تێبینی دەکەین (96.4%) ڕێژەی بەشداری قەرەبووەکانی کارمەندانە لەو بوارەدا، لە کاتێکدا ڕێژەی زیادەی کردەکانە لە بەرامبەر بەهای زیادە (3.6%)ە وە ئەم بەها زیادەیە ئاماژە بە ئەوەیە کە چالاکییەکە بە بڕی نزیکەی (71) ملیار دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی (10) دەردەکەوێت.

خشتەی (10): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی گشتی حکومەت بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 42109036.6 | 5185020.8 | 36924015.8 | 35597589.1 | 1326426.7 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 1995656.0 | | 1995656.0 | 1924451.3 | 71204.7 |
| کۆی گشتی | 44104692.6 | 5185020.8 | 38919671.8 | 37522040.4 | 1397631.4 |

بەهای بەرهەم لە چالاکی گشتی حکومەت لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (1.9) تریلیۆن دینار وە هەر ئەم ژمارەیە بۆ بەهای زیادەش ڕاستە لەبەر نەبوون و دەرنەکەوتنی خەرجییەکان لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بودجەی گشتیدا.

## چالاکی خزمەتگوزاریە کەسییەکان:

چوارچێوەی گشتی: سەرجەم یەکە و کەسەکان (لە کەرتی تایبەت) ئەوانەی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و شتومەک و خزمەتگوزاری دیکەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن وەک (چالاکییەکانی گرنگیدان بە خود و چالاکییەکانی بەکرێدان و بەکرێگرتن و خزمەتگوزاری ئاژانسی گەشتوگوزار و چاکردنەوەی ئامێرە تایبەتی و کەسییەکان و هی دیکە).

سەرچاوەی زانیاریەکان:

- رووپێوی خزمەتگوزارییە کەسییەکان (رووپێوی ساڵی 2014 دوایین رووپێوی بەردەستە)،
- رووپێویەکانی خێزان.

رێبازی کاکردن:

- سەرچاوەی سەرەکی ئەم زانیاریانە رووپێویەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاریەکانی کەسییە کە بەهای بەرهەم و بەکاربردنی ناوەندی و قەرەبووی کارمەندان و بابەتی دیکەی وەک نیشاندەرە داواکراوەکان فەراهەم دەکات وە رووپێویەکەی ساڵی 2014 دوایین رووپێوی بەردەستە کە پارێزگاکانی دەرەوەی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت لە خۆ نەگرتووە.
- لە ئەگەری نەبوونی رووپێوی خزمەتگوزارییە کەسییەکان، هەروەها بۆ مەبەستی ووردبینی، خەرجییەکانی خێزان بەکاردێت کە لە رووپێوییەکانی خێزاندا لە وەڵامی برگەکانی فێرکردن و تەندروستی و کاڵا و خزمەتگوزارییە کەسییەکان بەدی دەکرێت و خەرجییەکانی خێزان لەم برگانە هەژمار دەکرێن وەک بەرهەمی ئەم چالاکییە. پێداویستییە بەکارهاتووەکان لە کرداری بەرهەمهێنان دەخەمڵێندرێت بە پشت بەستن بە رووپێویەکانی خزمەتگوزارییە کەسییەکان.

**خەمڵاندنی کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ چالاکی خزمەتگوزارییە کەسییەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018:**

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشداری دەکات لە رووپێویەکانی خێزان و رووپێویەکانی خزمەتگوزارییە کەسییەکان بە شێوەیەکی رێکوپێک. بەهای زیادەی چالاکی خزمەتگوزارییە کەسییەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 دا گەیشتۆتە (1206387.8) ملیۆن دینار کە (13.9%)ی کۆی بەهای زیادەی چالاکییەکە پێکدێنێت لە تەواوی عێراقدا. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەکانی بەهای زیادەی ئەم چالاکییە، تێبینی دەکەین کە (30.8%) رێژەی بەشداری قەرەبووەکانی کارمەندانە لەم

بوارەدا، لە کاتێکدا بەهای زیادەی کردەکان لە بەرامبەر بەهای زیادە گەیشتۆتە (69.2%) وە ئەم زیادەیە ئاماژە بە ئەوەیە کە چالاکییەکە بە بڕی نزیکەی (834) ملیار دینار قازانجی کردووە وەک لە خشتەی ژمارە (11)دا دەردەکەوێت:

خشتەی (11): کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ چالاکی خزمەتگوزارییە کەسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی ناوەند | 9914594.3 | 2457275.7 | 7457318.6 | 2296372.5 | 5160946.1 |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 1604239.1 | 397851.3 | 1206387.8 | 371567.4 | 834820.4 |
| کۆی گشتی | 11,518,833.4 | 2855127.0 | 8663706.4 | 2667939.9 | 5995766.5 |

بەهای بەرهەمی چالاکی خزمەتگوزاریە کەسییەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (1.6) تریلیۆن دینار لە کاتێکدا پێداویستیەکانی چالاکی گەیشتۆتە (397.8) ملیار دینار و بەم شێوەیە بەهای زیادەی چالاکییەکە دەکاتە (1.2) تریلیۆن دینار.

لەرێگەی کۆکردنەوەی بەها زیادەی چالاکییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان لە خشتەکانی پێشوودا کە کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان پێکدێنن، لە ئەنجامدا خشتەیەکمان بە کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان دەستکەوتووە جگە لە چالاکی بانکەکان و دڵنیایی کە نزیکەی (31.6) تریلیۆن دینارە، لە کاتێکدا بەهای بەرهەم (43.5) تریلیۆن دینارە وە بەهای پێداویستیەکان (11.9) تریلیۆن دینارە وەک لە خشتەی (12)دا روون دەبێتەوە.

خشتەی (12): کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زیادە | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوکردن | 1450229.6 | 395633.1 | 1054596.5 | 363971.5 | 690625.0 |
| 2 | کانزاو ککانگاکان | | | | | |
| 1.2 | نەوتی خاو | 11203941.3 | 563716.0 | 10640225.3 | 249630.5 | 10390594.8 |
| 2.2 | جۆرەکانی دیکەی کانزا | 196346.2 | 46960.1 | 149386.1 | 14976.8 | 134409.3 |
| 3 | پیشەسازی بەرهەمهێنان | 4552335.1 | 2895593.1 | 1656742.0 | 290288.2 | 1366453.8 |
| 4 | ئاو و کارەبا | 1552920.3 | 557311.5 | 995608.8 | 235663.5 | 759945.3 |
| 5 | بیناسازی و ئاوەدانکردن | 4362165.2 | 1884455.4 | 2477709.8 | 564917.8 | 1912792.0 |
| | کۆی چالاکییەکانی کاڵا و شتومەک | | | 16974269 | | |
| 6 | گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن | 8623590.4 | 3055351.3 | 5568239.1 | 2932600.6 | 2635638.5 |
| 7 | بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە | 5416294.6 | 1765407.0 | 3650887.6 | 581279.8 | 3069607.8 |
| 8 | سەرمایە و دڵنیایی و خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە | | | | | |
| 1.8 | بانکەکان و دڵنیایی | | | | | |
| | کۆی چالاکییەکانی دابەشکردن | | | 9219127 | | |
| 2.8 | خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | 2626030.8 | 353700.1 | 2272330.7 | 454.7 | 2271876.0 |
| 9 | خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و | 3599895.1 | 397851.3 | 3202043.8 | 2296018.7 | 906025.1 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەسی | | | | | |
| 1.9 | حکومەت بە گشتی | 1995656.0 | | 1995656.0 | 1924451.3 | 71204.7 |
| 2.9 | خزمەتگوزاریە کەسییەکان | 1604239.1 | 397851.3 | 1206387.8 | 371567.4 | 834820.4 |
| | کۆی چالاکییە خزمەتگوزارییەکان | | | 5474375 | | |
| کۆی گشتی | | 43583748.6 | 11915978.9 | 31667769.7 | 7529802.1 | 24137967.6 |

بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵەی لاوەکی چالاکییە ئابووریەکان کە بۆ چالاکییەکانی کاڵا و دابەشکردن و خزمەتگوزاری پۆلێنکراوە, وەک لە وێنەی (1) روون کراوەتەوە، رێژەی بەشداری کاڵا و شتومەک لە پێکهێنانی کۆی بەرهەمی هەرێمی (%53.6)ە کە چالاکییەکانی وەک (کشتوکاڵ و کانزا و کانگاکان و پیشەسازی دروستکردن و ئاو و کارەبا و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە) دەگرێتەوە، لە کاتێکدا چالاکییەکانی تایبەت بە بواری دابەشکردن وەک (گواستنەوە و بازرگانی و بانکەکان و دڵنیایی) رێژەی (%29.1)ی پێک دێنێت, هەروەها چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی وەک (خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەسیی) رێژەی (%17.3) ی کۆی بەرهەمی هەرێمی پێک دێنێت.

**وێنەی (1): چالاکییەکانی کاڵاو دابەشکردن و خزمەتگوزاریەکان کە تێکڕای بەرهەمی هەرێمی پێکدێنن**



# بەشی سێیەم

# ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

# بەشی سێیەم: ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

## ئەنجامەکان:

ئەم ڕاپۆرتەی لە بەردەستە بەرهەمی هاوکاری و هەماهەنگی نیوەی دووەمی ساڵی 2021 ی نێوان دەزگای ناوەندی ئامارو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانە، خشتەی (13) کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ عێراق هەروەها ڕێژەی بەشداری هەرێم لە کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ هەر چالاکییەک و گرنگی ڕێژەیی چالاکییە ئابووەییەکان لە هەرێم و عێراقدا روون دەکاتەوە.

خشتەی (13) کۆی بەرهەمی هەرێمی و کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ ساڵی 2018 (بە ملیۆن دینار)

| | چالاکییە ئابوورییەکان | هەرێمی کوردستان | گرنگی ڕێژەیی (%) | عێراق | گرنگی ڕێژەیی (%) | ڕێژەی هەرێم بەرامبەر عێراق (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کشتوکاڵ و دارستان و ڕاو | 1054596.5 | 3.3 | 7572265.1 | 2.9 | 13.9 |
| 2 | کانزا و کانگا | | | | | |
| 2.1 | نەوتی خاو | 10640225.3 | 33.6 | 120174322.1 | 46.6 | 8.9 |
| 2.2 | جۆرەکانی دیکەی کانزا | 149386.1 | 0.5 | 403846.8 | 0.2 | 37 |
| 3 | پیشەسازی بەرهەمهێنان | 1656742 | 5.2 | 5464371.6 | 2.1 | 30.3 |
| 4 | ئاو و کارەبا | 995608.8 | 3.1 | 7150179.1 | 2.8 | 13.9 |
| 5 | بیناسازی و ئاوەدانکردن | 2477709.8 | 7.8 | 12110663.3 | 4.7 | 20.5 |
| 6 | گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن | 5568239.1 | 17.6 | 23958751.5 | 9.3 | 23.2 |
| 7 | بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە | 3650887.6 | 11.5 | 17311459.4 | 6.7 | 21.1 |
| 8 | سەرمایە و دڵنیایی و خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە | | | | | |
| 8.1 | بانکەکان و دڵنیایی | | | | | |
| 8.2 | خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | 2272330.7 | 7.2 | 16315895.9 | 6.3 | 13.9 |
| 9 | خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەسیی | 3202043.8 | 10.1 | 47583378.2 | 18.4 | 6.7 |
| 9.1 | حکومەت بە گشتی | 1995656 | 6.3 | 38919671.8 | 15.1 | 5.1 |
| 9.2 | خزمەتگوزاریە کەسییەکان | 1206387.8 | 3.8 | 8663706.4 | 3.4 | 13.9 |
| 0 | کۆی گشتی | 31,667,769.70 | 100 | 258,045,133.00 | 100 | 12.27 |

کاتێک تێبینی خشتەی پێشوو دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە کۆی بەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 گەیشتۆتە (31.6) تریلیۆن دینار و بە رێژەی (12.3%) کۆی بەرهەمی خۆماڵی عێراق پێکدێنێت و لەسەر ئاستی بەشداری چالاکییە ئابوورییەکان لە هەرێم لە بەهای زیادەی چالاکییە ئابووریەکان لە سەرتاسەری عێراق، دەبینین کە چالاکی جۆرەکانی دیکەی کانزا بە پلەی یەکەم دێت و رێژەی بەشدارییەکەی (37%)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆییە گەیشتۆتە (30.3%)، لە کاتێکدا چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن بە پلەی سێیەم دێت لەرووی بەشداریکردن کە رێژەی بەشداریەکەی گەیشتۆتە (23.2%). بەڵام لەسەر ئاستی گرنگی رێژەیی چالاکییە ئابوورییەکان پەیوەست بە بەرهەمی هەرێمی، چالاکی نەوتی خاو بە پلەی یەکەم دێت کە رێژەکەی گەیشتۆتە (33.6%)، لە کاتێکدا چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن لە ڕووی گرنگیەوە رێژەکەی گەیشتۆتە (17.6%) و چالاکی بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و چالاکیە هاوشێوەکان ڕێژەی گرنگیان گەیشتۆتە (11.5%)، هەروەها لە خشتەکەدا تێبینی جیاوازی لە گرنگیەرێژەییەکانی چالاکییە ئابوورییەکان دەکەین لەنێوان هەرێم و سەرتاسەری عێراق. هەندێک لە چالاکییەکان ڕێژەی بەشدارییان لە کۆی بەرهەمی هەرێمی بەرزدەبێتەوە بە پێچەوانەی ڕێژەی بەشداریان لە تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی هەروەها بە پێچەوانەشەوە. لە ڕووی بەرهەمی ناوخۆییەوە, تێبینی دەکەین کە رێژەی بەشداری سەرجەم چالاکییە ئابوورییەکان لە پێکهێنانی بەرهەمی هەرێمی بەرزترە بە بەراوورد بە بەرهەمی ناوخۆجگە لە چالاکییەکانی نەوتی خاو و خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی هەمەچەشنی ئابووری لە هەرێمدا باشترە لە پارێزگاکانی دیکە.

## راسپاردەکان:

پڕۆژەکە کورتکراوەتەوە لەم چەند راسپاردەیەی خوارەوە:

1. بەهێزکردنی هەماهەنگی بەردەوام لەنێوان دەزگای ناوەندی ئامارو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پەیوەست بە پڕۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و تواناسازی.
2. چالاککردنی هاوکاری لەنێوان دەستەی ئاماری هەرێم لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان و لایەنە جیاوازەکان لە هەرێم بە مەبەستی رێگە خۆشکردن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و پێشنیاز دەکەین بە پێکهێنانی لیژنەی پەرەپێدانی ئامارەکان کە سەرجەم وەزارەت و لایەنەکان نوێنەریان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی زانیاریەکانی ئامار.
3. ئەم راپۆرتە وەک هەوێنی سەرەکی هەژمار دەکرێت بۆ دەرهێنانی بەرهەمی هەرێمی, بۆیە پێویستە پڕۆسەی نوێکردنەوەی زانیاریەکان پڕۆسەیەکی بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی خەمڵاندنەکان بە شێوەیەکی ووردترو بڕواپێکراوتر.
4. بەهێزکردنی هاوکاری لەنێوان فەرمانگە تەکنیکییەکانی هەرێم وەک (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوە و ...تاد) لەگەڵ فەرمانگە هاوتاکانیان لە ناوەند بۆ یەکخستن و رێکخستنی میکانیزمی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی ئامار.

وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd